پرۆژە پێشنیاز بۆ کۆنفرانسی لۆزان 22 – 23. 07.2023

ئەرکی نیشتمانیی کوردستانیان لە ئێستادا:

١. دروستکردنی ناوەندێکی نیشتمانی بۆ ئەرشیفکردنی کۆی دیکۆمێنتەکان لە بەڵگەنامەی مێژوویی چاپکراو، نووسراو، فیلم، دەنگ، وێنە. وا پێویستە ئەم ناوەندە ئەرشیفییە لە دەرەوەی وڵات بێت پارێزراوترە، چونکە داگیرکەران هەموو ڕێیەک بەکاردێنن بۆ لەناوبردنی بەتایبەت ئەگەر لە کوردستان بێت.

٢. بانگهێشتکردنی نوێنەری ئەو وڵاتانەی لە پێش و دوای ڕێککەوتنامەی لۆزانەوە کوردستانی گەورەیان دابەش کردووە، بەبێ ئەوەی پرس بە خەڵک و هاووڵاتیانی کوردستان بکەن. هەموو ئەو کارەسات و ماڵوێرانیەی لە پێشتر و ئێستا و داهاتووش بەسەر خەڵک و خاکی کوردستاندا دێت لە ئەنجامی ئەو دابەشکارییە بووە، کە ئەوان پلاندارێژەر و جێبەجێکاری بوون. ئاگەدارکردنەوەیان لە هەر ڕووداو و پێشێلکارییەک، کە لە ئێستا و داهاتوو لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ئەنجام دەدەرێت.

٣. بانهێشتکردنی پارت و لایەن و ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان دابەش کرد، بە ئامانجی ئاگەدارکردنەوەیان لە مێژووی خەباتی کورد دژ بەو ماڵوێرانیانەی بەسەر کوردستانیان هێناوە.

٤. دروستکردنی لینک و پێوندی لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان، بەتایبەت ئەوانەی بەشی ئێرانیناسی، یان ڕۆژهەڵاتناسیان تێدایە، بۆ ئەوەی توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بکەن و وەک توێژینەوە بڵاو بکرێتەوە.

٥. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دام و دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسە ئەکتیڤ و بەناوبانگەکانی ئەورووپا، بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە بەردەوام ئەو پێشێلکاری و ماڵوێرانیی و نەهامەتیانەی بەسەر کوردا هاتوون و دێن بڵاو بکرێنەوە، ئەمەیش دەبێتە دیکۆمێنت.

٦. دانان و چاپکردنی کرۆنۆلۆژیایەکی تایبەت بەو جەنگ و نەهامەتیانەی لە لایەن داگیرکەرانەوە بەسەر گەلی کورددا هاتوون، وەکوو دیکۆمێنتێک بدرێت بە نەتەوە یەکگرتووەکان، باڵوێز و حکوومەتی وڵاتە گەورەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، دادگەی نێودەوڵەتی لاهای، ئەرشیفخانە و میدیا جیهانییەکان.

٧. دروستکردنی کۆمیتە و دەستەیەک لە پارێزەران بۆ تۆمارکردنی داوای یاسایی لە دادگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەموو ئەو جەنگ و پێشێلکاری و کۆمەڵکوژیانەی دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراون و دەدرێن، هاوکات تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر هەر کۆمپانیا و ڕێکخرا و کەسێک بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوکار بووبێت، ئەمانەیش لە ڕێگەی بەڵگە و شاهێد و دیکۆمێنت پشت ئەستوور بکرێن.

٨. دەستنیشانکردنی  ئەو کەسانەی خیانەتیان لە میللەت و دۆزی کورد کردووە، چ کورد یان غەیرە کورد بەبێ سڵەمینەوە، ئەویش لە ڕێگەی بەڵگە و دیکۆمێنت و شاهێدەوە و پرۆتستۆکردنیان و دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەیان بۆ ئەوەی مێژوو تۆماریان بکات.

نووسەرو ڕۆژنامەنووس

یووسف مەنتک - ئەندامی کۆمیتەی دیکۆمێنت و ئەرشیف لە کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانسی لۆزان.

- لۆزان – سویسرا. شەممە ٢٢/ ٧ / ٢٠٢٣